هەرچەندە ئەم ڕێپۆرتاژە لە ڕۆژنامەی میدیا بلاّوکراوەتەوە بەلاّم لەبەر گرنگی ئەم ڕێپۆرتاژە جارێکی تر پێویستە هەمووئەوانەی مرۆڤ دۆستن بەچاوی مرۆڤایەتی بڕواننە ئەم ڕێپۆرتاژە و بلاّوی بکەنەوە

## ئەو کچە تەمەن 13 ساڵەی بۆ خۆ تەقاندنەوە ڕەوانەی هەولێر کرا
## " قوربانییەکی شەڕی ناوخۆ، دوای 12 ساڵ زیندان ئایندەیەکی نادیار چاوەڕێی دەکات"

ئا: سەلام سەعدی

**گوتی "وا بۆ 11 ساڵ دەچێت لێرەدا ژیان دەبەمە سەر". وای گوت و گەرووی پڕ لە قولّپی گریان بوو. من بە بیستنی ژمارەی ساڵەکە تووشی شۆک هاتم، هەرگیز چاوەڕێی ئەوەم نەدەکرد بەرەوڕووی کچێکی زیندانیی منداڵکار ببمەوە کە نزیکەی نیوەی تەمەنی لەودیوی میلەکانی زیندانەوە بەسەربردووە و لە ڕاستیشدا ئەو هیچ نییە جگە لە قوربانییەکی شەڕی ناوخۆ. بە ئاسانی و ڕاستەوخۆ نەدەچووە ناو بابەتەکەوە، هەر بەدەوری مەسەلە سەرەکییەکەدا خولی دەخوارد و منیش زوو زوو ناچار دەبووم ڕایبگرم و تکای لێبکەم کێشەکەی خۆیم لە نووکەوە بۆ باس بکات. کچێکی لەڕ و لاوازی منداڵکاری قژئاڵۆزکاو. تەمەنی لە دەوروبەری بیست ساڵێکدا دەینواند، بەلاّم دواتر تێگەیشتم کە "شلێر" تەمەنی 24 ساڵانە و کاتێک لەساڵی 1996 دا لە هەولێر دەستگیرکراوە، تەمەنی تەنیا 13 ساڵ بووە.**

**وەک شلێر دەڵێت، ئەو ساڵە لەگەڵ پێنج کەسی دیکەدا لەلایەن بەرپرسێکی یەکێتییەوە ڕەوانەی هەولێر کراوە تا کارێکی تەقینەوە ئەنجام بدەن.**

**شلێر خۆی دەڵێت "منیان بۆ ئەوە ناردبوو خۆم بە بەرپرسێکی گەورەی پارتیدا بتەقێنمەوە". هەڵبەتە ئەو ڕاشکاوانە ناوی ئەو بەرپرسەی یەکێتی بۆ درکاندم کە بە کارەکەی ڕاسپاردووە و هەروەها ناوی ئەو بەرپرسەی پارتیشی ئاشکرا کرد کە بڕیار بووە بە کردەوەیەکی خۆکوژی تیرۆر بکرێت، بەلاّم پێموایە لەبەر چەند هۆیەک باشتر وایە خۆمان لە ئاشکراکردنی ناوەکان ببوێرین، یەکێک لە گرنگترین ئەو هۆیانەش ئەوەیە کە مەبەستی ئەم ڕیپۆرتاژە درکاندنی ناو نییە هێندەی ئاشکراکردنی مەینەتییەکانی کەسێکە کە هەرچۆنێک تەماشا بکرێت جگە لە قوربانییەکی شەڕی ناوخۆ شتێکی دیکە نییە. کێشەکەش ئەوەیە کە لەوکاتەی پێمانوایە ڕۆژگاری تاڵی شەڕی ناوخۆمان تێپەڕاندووە و کردوومانەتە بەشێک لە ڕابردوو، هێشتا کەسێکی وەک "شلێر" مەینەتییەکانی ئەو ڕۆژگارە دەژی و لە چاوەڕوانیی چارەنووسێکی نادیاردایە.**

**وا چۆتە مێشکمانەوە هەر گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکان هانی کاری خۆ تەقاندنەوە دەدەن، بەلاّم "شلێر" کە لەناو چەند کەسێکی حوکمدراودا بە ڕێکەوت لێی ڕاست هاتین، شتێکی پێچەوانەی ئەوە دەردەخات. حەتمەن ئەو بەرپرسەی "شلێر"ی تەرخانکردووە بۆ ئەنجامدانی ئەو کردەوە تیرۆستییە پێیگوتووە کە ئەو بەو کارەی دەبێتە شەهیدی لەیاد نەچووی گەلەکەمان.**

پوختەی بەسەرهاتی هاتن و مەبەستی شلێر و پێنج ئەندامەکەی دیکەی گرووپە شەش کەسییە ڕاسپێردراوەکەیان دەکرێ بەمشێوەیە لە قسەکانی شلێردا پوخت بکرێتەوە: شلێر و پێنج کەسی دیکە لە سلێمانییەوە رەوانە دەکرێن بۆ ئەوەی تەقینەوەیەک و تەقینەوەیەکی خۆکوژی لە هەولێر و شەقلاوە ئەنجامبدەن. ئامانجە سەرەکییەکەش کوشتنی بەرپرسێکی گەورەی پارتی بووە، کە یەکێک لە پاسەوانەکانی هاوکاریی نهێنی لەگەڵ ئەو گرووپە هەبووە و ڕێنوێنیان بووە "لە ژێر ئەشکەنجەدا، گوتمان بەهۆی ئەو نەفەرەوە هاتووین، دوایی ئەویش دەستگیر کرا".

شلێر وەک خۆی دەڵێ خوێندکاری قۆناغی ناوەندی بووە و خەڵکی سلێمانییە "یەکەمجار لە خوێندکاران دەوامم دەکرد، بەهۆی برادەرێکمەوە تووشی ئەو وەزعە بووم"، دەربارەی ئەوەش کە ئاخۆ کاتی خۆی خانەوادەی ئەوان چۆن ڕێگەیان پێداوە بیر لە کارێکی لەو جۆرە بکاتەوە دەڵێ" دایکم نەماوە، برام نییە و باوکێکی پیرم هەیە، خوشکێکم هەیە لە خاریجە کە ئەوە چەند ساڵە لەگەڵ مێردەکەی سەفەری کردووە". دواتر لە درێژەی قسەکانی شلێر ئاشکرابوو کە دایکی لە ئەنجامی ئەو کارەساتەی بەسەر خۆی هاتووە، گیانی لەدەست داوە، واتە دایکی شلێریش وەکو ژیانی شلێر بووەتە قوربانی حەزێکی تیرۆرستانەی ئەو بەرپرسەی کە هەمیشە باسی کۆمەڵگای مەدەنی دەکات بەڕادەیەک کەس لە کوردستاندا هێندەی ئەو باسی ناکات. شلێر بە قورگێکی پڕ لە هەنسک و گریانەوە گوتی "لێرە بووم کە دایکم ئەمری خوای کرد، کە زانیبووی من وەزعم وایە جەڵتە لێیدابوو".

"پێیانگوتم ئەگەر لەگەڵمان نەیێی ئەو شەوە حیسابت تەواو دەبێ و دەبێ بڕۆیتە ژێر چاڵەوە و لەگەڵ کەس و کارت سەرنگومت دەکەین، منیش لە ترسان لەگەڵیان هاتم"، شلێر بەو شێوەیە باسی لەهاتنەکەی خۆی کرد بۆ ئەو کارەی کە دادگا بەهۆیەوە 12 ساڵ حوکمی دا. پچڕپچڕیی قسەکانی ئەو منداڵە کە لە زیندان و بنکەیەکی چاکسازیدا تەمەنی هەڵکشاوە، بەسەر زۆر لە گێڕانەوەکەیدا دیار بوون.

شلێر لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە رۆڵی ئەو لەو کردەوەیەدا چ بووە، گوتی" رۆڵی من فیدائی بوو، واتە خۆم بتەقێنمەوە و بمرم"، چەند جارێک دووپاتی دەکردەوە" خەریتەکە بە جسممەوە بوو" مەبەستی لە خەریتەکە وەک خۆی دواتر ڕوونیکردەوە ئەو (تی ئێن تی) و تەقەمەنیانە بووە کە بە دانانێکی ئۆتۆماتیکی بە لەشی ئەوەوە کرا بوون. وەک خۆیشی باسیکرد ئامانجی گروپەکەیان ئەنجامدانی تەقینەوەیەک بووە لەبەردەم ساڵۆنێکدا هەروا بۆ شتێکی دیعایی و کوشتنی ئەو گەورە بەرپرسەی پارتی بووە بەخۆ تەقاندنەوەی ئەو. شلێر دەڵێت: " مێشکم شۆرا بوو بە ڕاستی، ئێستا کە فکر لەوسا دەکەمەوە زۆر زۆر لەفکری ئێستامەوە دوورە".

شلێر باسی لەوە کرد کە ئەو و هاوەڵەکانی چوونەتە ماڵە ئاوارەیەک لەهەولێر کە کابرایەکە ژنێکی لەهەولێر و ژنێکی لەسلێمانی بوو، ئەو ژنەی کە لەهەولێر چووبوونە ماڵی خەڵکی هەڵەبجە بووە و ناسیاویان بووە و برادەری ئەو کەسە بووە کە شلێری تووش کردبوو، ئەو ژنە شلێری لە ئەنجامدانی ئەو کارە خۆ کوژییە دوور خستۆتەوە" پێیگوتم مەڕۆ، ئەو ژیانە جوانە هەیە تۆ بۆچی خۆت لەناو دەبەی، حیزب چ منەتی پێیە" بەو

شێوەیە شلێر لەڕێگەی ئەو ژنەوە خۆی بەدەست لقی چواری پارتییەوە دەدا و دواتر کاتژمێر 2ی شەو پێنج کەسەکەی دیکەش دەستگیر دەکرێن. شلێر کە خۆی بەدەستەوە دەدا تەقەمەنییەکە بەجەستەیەوە دەبێ و پێشانی ئەو بەرپرسەی دەدا کە خۆی بە دەستەوە دەدا، "وتی نەیێیتە پێشەوە، هیچ جیهازت پێیە، وتم نەخێر، وتی بەڕاستیتە، وتم حەز دەکەی هەموو تۆماتیکەکانت بۆ لێدەدەم و دەچم لەدەرەوە خۆم دەتەقێنمەوە، وتی نا سوێند بخۆ باوەڕت پێدەکەم".

شلێر چەند جارێک دووپاتی کردەوە کە ئەو دەستگیر نەکراوە بەڵکو خۆی خۆی تەسلیم کردووە" شتەکەم لەدەست نەگیراوە، خۆم خۆم تەسلیم کردووە و چوومەتە بەر قانوون، قانوونیش ئەوەندە ئیجرائاتی نەدامێ کە من خۆم تەسلیم کرد بەهۆی کەسێکی دیکەوە".

شلێر دەربارەی ئەو دەستگیرکراوانەی دیکە هیچ زانیارییەکی لەلا نییە، دەربارەی خۆیشی دەڵێت "بە ماددەی (56) 12 ساڵ حوکم دراوم" و بەو پێیەش، ئەو زۆربەی هەرەزۆری حوکمەکەی تەواو کردووە و لە چاوەڕوانیی ئازادبووندایە، بەڵام وەک خۆیشی باسی دەکرد کێشەی ئەو لەدوای ئازادبوونیەوە دەست پێدەکات، هەر لەو مەترسییە راستەقینانەی لەسەر ژیانی دەبن، تا مەسەلەی راهاتنەوە لەگەڵ ژیانێکی نوێ کە ئەو ساڵانێکی زۆرە لێی دابڕاوە.

ئەو زیندانییەکی ئاسایی نییە پاش تەواوکردنی سزاکەی بگەڕێتەوە ماڵێک و لاپەڕەیەکی نوێ هەڵداتەوە، لە راستیدا هێشتا دیار نییە کە سزای ئەو پاش تەواوکردنی 12 ساڵ زیندانیی کۆتایی دێت یان بەڕاستی سزایەکی دیکەی تۆڵەسەندنەوەش لە چاوەڕوانیدایە. من لە چاوەکانیدا چاوەڕوانیی ئایندەیەکی نادیارم دەخوێندەوە.